


چنار نامق

chnarnamq@yahoo.com

# تۆش وەکو خەم بۆنی عیشقی منت لێدێ

گەڵاکانی تەمەن بگرە
بەدەم باوە هەڵدەوەرێن
کە مەرگ لەپەنجەرەکانی ئەودیومانەوە
دەروانێت و رادەبورێت
شەرم دەمگرێت تاوێک لەگەڵ ژیان بدوێم
ئێمە دەنوین تا شاخەونەکانمان نەمرێت
نیوە شەوێک چوون یاسەمەن
دەرژێیتە نێو گوڵدانەکانی تەمەن و ئینجانەکانی خەیاڵمەوە
بێئوقرەیی گەمە بە ئارامیم دەکات
دورە پەرێز دەروانمە ئاهەنگی کۆتایی ساڵ... و
لەدایک بوونی ساڵی نوێ
هەمو ساڵێک ئەم دەمانە
گەمەم بە شادی و
پێکەنینم بەگریان و
گریانم بە پێکەنین دێ
دەسا نیکۆلاس لێم گەڕێ
دورگەی دوری چاوەکانم بەئەشک بشۆم
لەتەنهایی ژورەکەمدا
دوا قاوەی کۆتایی ساڵێکی دی ئەم تەمەنە بابردووە بخۆمەوە
کوێوە بڕۆم خەم شوێن پێیەکانم هەڵناگرێت
ئەو دەمانەشی کەدەفڕم خەمی سربونی باڵەکانم لەکۆڵدایە
شەوان لەتاریکی خۆمدا
دەستم دەنێمە نێو دەستی تێڕامان و
بەناخی شەقامەکان شۆڕ دەبمەوە
هەرچەندە ناخیان تەی دەکەم
ئارامیەک نادەن لەبەرۆکی ساتەکانی بێهودەیی
پیاسەی ڕوحی نامۆم درێژە دەبات و
کوچەو کۆڵانێک نامێنی نەیپشکنم و
بەدوایی نهێنی چرکەکانی ئاسودەییدا نەگەڕێم
کۆڵانەکان دەمبەنەوە سەر یەک ڕێگا

شەقامەکانیش وەکو من لەگەڵ سروشتدا دەجەنگێن
ناتەبایی خۆم و تۆ و سروشت  و
رق  و خۆشەویستیم بیردێتەوە
دەشێ پرسیارێک بێتە بوون
لەنیگاکانم ئاڵۆز تر
یاچی لوغزێک وەک گرێکانی دەروونم لێک دەئاڵێت
مەودای نیوان شیرینی وتاڵی چی پێدەڵێن
با بەچاو بگرین وبەدەم پێبکەنین
چاویلکەیەک  چاوەکانم دادەپۆشێت
زەردەخەنەو گریانم ئاوێتەی یەکدی دەکات
گشت دژەکان لەمندا کۆدەبێتەوە
سەیرکە هاورێ چەند جوانە بەدەم گریانەوە پێبکەنێن و
ریتمێک بۆ ئازار دابنێین
کەتۆ هاتی شانە هەنگوینەکانی گێتیت بۆ بریم
تەرزی شادی  وخەم و عیشق  ونامۆیم  لێک ئالاند
تامی شیرینیم لێ نەچەشت
پێکێکی تاڵت  بۆ پر کردم
من دەیان راستی تاڵترم لەو پێکانەخواردۆتەوەو
سەرمەست نەبووم
گشت جەنگەکان لەمندا کۆ دەبێتەوە و
ئێوارە درەنگ وەختانێ ناخم  دەکات بەمەنزڵگا
شەری نێوان دەست وپەنجەکانم
شەری نێوان ئەبرۆ وبرژانگم
گشت دژەکان
لەتێکئالانی وەرزەکان و شەختەبەندانی زستاندا
لەئارامگای دەرونم دەحەسێنەوە
هاورێ تۆش چون خەمیت
لەهەرکوێ بیت بۆنی عەشقی منت لێدێ
دەرژێمە نێو خەیاڵتەوە ،
بەسێبەری پەنجەکانت تاڵ  تاڵ پرچم دائەهێنی
دەتۆش جارێک دەستەکانت بکەرە ملی خەونێکم
بەڵکو ساتێک زەمەن لەگەڵما نەجەنگێ و
لەگەڵ سروشتدا نەجەنگم

www.kurdistannet.org